NHS
Royal Free London
NHS Foundation Trust

# بژاردەکانی مندالبوونت دوای ئەوەی کە پێشتر لەڕێگەی نەشتەرگەریەوە مندالت بووە

## زانیاری بۆ ژنان

### سەرەتا

ئەم بلاّۆکە زانیاری فەراهەم دەکات دەربارەی بژاردەکانی مندالّبوونت ئەگەر پێشتر بە نەشتەرگەری مندالّت بوو بێت. لە هەموو بارێکدا، دکتۆر یان مامانێک بژاردەکانت بۆ ڕوون دەکاتەوە و وەلاّمی هەر پرسیارێک دەداتەوە کە دەشێت تۆ هەتبێت.

### مدنالّبوونی خۆب ،تە ویستی خۆتە

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە یان خەمی هەر شتێکتە، تکایە لەگەڵ دکتۆر یان مامانەکەت قسە بکە. ئێمە ئامادەین پشتگیریت بکەین و زانین و دانایی و زانیاریت بۆ فەراهەم بکەین بۆئەوەی بتوانیت باشترین بڕیار بدەیت و باشترین ڕێگە بۆ خۆت، کۆرپەکەت و خێزانەکەت دەستەبژێر بکەیت.

بۆ پشتگیریکردنت بۆ بڕیاردان، تۆ دەتوانیت بە سێ پرسیار لە ئێمە دەست پێ بکەیت:

- ئایا بژاردەکانی من چین؟
- ئایا تان و پۆی هەر یەک لە بژاردەکان بۆ من چییە؟
- ئایا من چۆن دەتوانم پشتگیری بەدەست بهێنم بۆ یارمەتیدانم بۆ گەیشتنە بڕیارێک کە بۆ تۆ ڕاست و دروست بێت؟

ئەگەر هەر پرسیارێکی زیاترت هەبوو، تکایە لە پرسیارکردن لە ئێمە دوودڵ مەبە. تۆ دەتوانیت وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنی ئێمە لە کۆتایی ئەم بلاّۆکەدا ببینیتەوە یان تکایە پەیوەندی بەو ژمارە تەلەفونانەوە بکە کە لە فایلی دایکایەتی خۆتدان.

### بژاردەکانی مدنالّبوونت

#### ئایا VBAC چییە؟

**VBAC** واتە 'مندالّبوون لەڕێگەی زێوە دوای مندالّبوون بە نەشتەگەری'. ئەوە ئەو زاراوەیە کە ئەو کاتە بەکار دێت کە ژنێک لەڕێگەی زێوە مندالّی دەبێت، دوای ئەوەی کە لە ڕابوردوودا بە نەشتەرگەری مندالّی بووە. مندالّبوون لەڕێگەی زێوە مندالّبوونی ئاسایی مندالّبوون لەڕێگەی یارمەتیدانەوە دەگرێتەوە، وەک بەکارهێنانی گیرە یان پەمپی کیوی **kiwi** /هەڵلوشین.

#### ئایا ERCS چییە؟

**ERCS** واتە 'مندالّبوون لەڕێگەی نەشتەرگەری قەیسەری دووبارەوە کە پێشتر بڕیاری لەسەردراوە' و ئاماژە بە نەشتەرگەرییەکی قەیسەری دەکات کە پلانی بۆ دادەنرێت دوای یەکەم مندالّبوونت لەڕێگەی نەشتەرگەری قەیسەرییەوە.

تۆ بە شێوەیەکی ئاسایی دوای هەفتەی 39ی دووگیانییەکەت نەشتەرگەرییەکەت بۆ ئەنجام دەدرێت. ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەو کۆرپانەی بەر لەو کاتە بە نەشتەرگەری لەدایک دەبن ئەگەری ئەوەیان زۆرترە کە پێویستییان بەوە بێت کە لە

یەکەیەکی سەرپەرشتی تایبەتی کۆرپە داخڵ بکرێن بۆ یارمەتیدان سەبارەت بە هەناسەدان، بەو هۆیەوە دەبێت چاوەڕوانی بکەیت هەتا دەبێت بە 39 هەفتە کاتێک کۆرپەکەت پێدەگات.

## دەبێت چ شتێک ڕەچاو بکەیت کاتێک کە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەیت کە ئایا لەڕێگەی زێوە منداڵت ببێت یان لەڕێگەی منداڵبوون لەڕێگەی نەشتەرگەری قەیسەرییەوە کە پێشتر بڕیاری لەسەردراوە

تۆ دەبێت ئەمانە ڕەچاو بکەیت:

- هۆکاری ئەوەی کە تۆ بۆچی یەکەمجار بە نەشتەرگەری منداڵت بوو
- ئاخۆ تۆ پێشتر لەڕێگەی زێوە منداڵت بووە
- ئاخۆ هیچ ئاڵۆزکارییەک هەبووە لەو کاتەدا یان لەکاتی هاتنەوە سەرخۆتدا
- جۆری ئەو نەشتەرگەری (تەقەڵ) ـەی کە لە منداڵدان (ڕەحم) تدا ئەنجام دراوە
- تۆ لەبارەی جەستەیی و هەروەها سۆزدارییەوە هەستت چۆن بووە سەبارەت بە منداڵبوونی پێشووترت
- ئاخۆ ئەم دووگیانییەی ئێستات ئاسایی بووە یاخود هیچ کێشە یان ئاڵۆزکارییەک هەبووە و تۆ بەنیازیت چەند منداڵی ترت ببێت لە داهاتوودا. مەترسییەکان لەگەڵ هەر منداڵوونێک بە نەشتەگەری زیاتر زیاد دەکەن بەو جۆرە ئەگەر تۆ بەهیوایت منداڵی زیاترت ببێت وەها باشتر بێت کە خۆت لە منداڵبوون بە نەشتەگەری بپارێزیت ئەگەر بگونجێت. تۆ دەتوانیت سەبارەت بەوە لەگەڵ مامان و/یان دکتۆرەکەت وتووێژ ئەنجام بدەیت.
- دوای زیاتر لە یەک منداڵبوون بە نەشتەرگەری تۆ دەبێت وتووێژێکی تێروتەسەلت لەگەڵ پسپۆڕێکی تایبەت بە منداڵبوون ئەنجام دابێت سەبارەت بە مەترسییەکان، سوودمەندییەکان و ئەگەری ئەوەی کە تۆ بتوانیت لەڕێگەی زێوە منداڵت ببێت.

بۆ یارمەتیدانت بۆ بڕیاردان، مامانەکەت بانگهێشتت دەکات بۆ ئامادەبوون لە کلینیکێکی بژاردەکانی منداڵبووندا ئەگەر داوای ئەوەت کردبێت کە بە نەشتەرگەری منداڵەکەت ببێت یاخود پێشتر بە نەشتەرگەری منداڵت بووبێت.

ئەگەر تۆ کۆرپەکەت لە ڕۆیەڵ فری هۆسپیتاڵ **Royal Free Hospital** دەبێت ئەو دانیشتنە لە هەفتەی 28 و 34-36 دا دەبێت. ئەگەر تۆ کۆرپەکەت لە ڕۆیەڵ فری هۆسپیتاڵ **Royal Free Hospital** دەبێت ئەو دانیشتنە لە 36 دا دەبێت. وادەیەکی زیادە لەوانەیە لە هەفتەی 40-41 دا دەبینرێت ئەگەر منداڵبوونەکەت لە کاتی خۆی دوا بکەوێت.

## منداڵبوون لەڕێگەی زێوە دوای منداڵبوون بەنەشتەرگەری (VBAC)

### ئایا ئەگەری ئەوە چۆنە کە من لەڕێگەی زێوە منداڵم ببێت؟

دوای یەک منداڵبوون بە نەشتەرگەری، دەوروبەری سێ ژن لە چوار ژن (75٪) کە دووگیانییەکی ئاساییان دەبێت و بەشێوەیەکی سروشتی دەکەونە سەر ژان لەڕێگەی زێوە منداڵیان دەبێت.

ژمارەیەک فاکتەر بوی هەیە ئەگەری ئەوە بۆتۆ زیاد بکات کە لەڕێگەی زێوە منداڵت ببێت، لەوانە:

- منداڵبوونی پێشووتر لەڕێگەی زێوە؛ ئەگەر تۆ لەڕێگەی زێوە منداڵت بووە، بەر لە منداڵبوون بە نەشتەرگەری یان دواتر، دەوروبەری 8-9 لە 10 ژن دەتوانن جارێکی تر لەڕێگەی زێوە منداڵیان ببێت
- ژانەکانت بەشێوەیەکی سروشتی دەست پێ دەکەن
- نیشاندەری بارستەی لەش (BMI) ی تۆ لەکاتی داخڵکردنتدا لە 30 کەمتر بێت.

### ئایا لایەنە باشەکانی منداڵبوون لەڕێگەی زێوە چین دوای منداڵبوونێکی پێشووتر بە نەشتەرگەری؟

- منداڵبوون بە نەشتەرگەری دوای منداڵبوونێکی پێشووتر بە نەشتەرگەری ئاڵۆزکاری کەمتری هەیە وەک لە منداڵبوون بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراو.
- تۆ ئەگەری ئەوەت زیاترە کە منداڵی زیاترت ببێت لەڕێگەی زێوە.
- هاتنەوە سەرخۆت خێراتر دەبێت.
- تۆ لەوانەیە ماوەیەکی کورتتر لە نەخۆشخانە بەسەر بەریت.

- تۆ ئەگەری ئەوەت زۆرترە کە بەرکەوتەی دەمودەستی پێست بۆ پێستت لەگەڵ کۆرپەکەت هەبێت و بە سەرکەوتوویی دەست بکەیت بە دانی شیری خۆت بە کۆرپەکە.
- تۆ خۆت لە مەترسییەکانی نەشتەرگەری بەدوور دەگریت.
- کۆرپەکەت ئەگەری ئەوەی کەمتر دەبێت کە کێشەی هەناسەدانی تووش ببێت.

## ئایا لایەنە خراپەکانی چین؟

بە شێوەیەکی گشتی، مەترسی ڕژد (جدیی) بۆ خۆت و کۆرپەکەت بۆ زۆربەی ژنان دەگمەنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە خوارەوە هەندێک لەو ئاڵۆزکارییە پێشبینی کراوانەمان خستۆتە ڕوو کە لەوانەیە دوابەدوای منداڵبوون لەڕێگەی زێوە ڕوو بدەن دوای منداڵبوونێکی پێشووتر بە نەشتەرگەری.

- هەتا ڕادەی دوو لە پێنج ژن (40٪) لەوانەیە پێویستییان بە منداڵبوونێکی یارمەتیدراو بێت لەڕێگەی زێوە بەبەکارهێنانی پەمپی کیوی kiwi /هەڵلوشین یان گیرە.
- نزیکەی 1 لە 4 ژن (25٪) کە بڕیار دەدەن لەڕێگەی زێوە منداڵیان ببێت لەوانەیە پێویستییان بە منداڵبوون بە نەشتەرگەری کوتوپڕی ببێت لەکاتی منداڵبووندا. ئەوە بەراورد دەکرێت لەگەڵ نزیکەی 20٪ لەو ژنانەی کە یەکەم کۆرپەیان دەبێت و 11٪ لەو ژنانەی کە پێشتر لەڕێگەی زێوە منداڵیان بووە. منداڵبوون بە نەشتەرگەری کوتوپڕی مەترسی زیاتری هەیە وەک لە منداڵبوون بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراو. هۆکارە هەرە باوەکانی منداڵبوون بە نەشتەرگەری کوتوپڕی ئەوەیە کە ئەگەر منداڵبوونەکەت خاو ببێتەوە و/یان ئەگەر نیگەرانی هەبێت سەبارەت بە تەندروستی کۆرپەکەت.
- تۆ مەترسییەکی کەمێک زیاترت هەیە (2٪ بە بەراورد بە 1٪) کە پێویستیت بە خوێن تێکردن بێت بە بەراوردکردن بەو ژنانەی کە بڕیاریان داوە منداڵبوونی دووەمیان بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراو بێت
- ئەگەری ئەوە هەیە کە جێگە برینەکە لەسەر منداڵدانت لە منداڵبوون بە نەشتەرگەرییەکی پێشووترەوە هەڵبپچڕێت یان بدڕێت. ئەوە ئاڵۆزکارییەکی زۆر دەگمەنە و بەشێوەیەکی ئاسایی لە 1 لە 200 دایکدا ڕوو دەدات لەوانەیە کە پێشتر بە نەشتەرگەری منداڵیان بووە. مەترسییەکە دوو یان سێ قات زیاد دەکات ئەگەر خۆت نەکەویتە سەر ژان و ژانی دەستکردت بۆ ئەنجام بدرێت یاخود ئەگەر دایکێک پێشتر لە یەک منداڵبوون زیاتری هەبووبێت بە نەشتەرگەری. ئەگەر نیشانە هۆشداری ئەو ئاڵۆزکاریانە دەرکەوت، کۆرپەکەت لەڕێگەی منداڵبوون بە نەشتەگەری کوتوپڕییەوە دەردەهێنرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەلومەرجێکی دەگمەندا کاتێک کە دڕانی منداڵدان ڕوو دەدات ئەوە دەکرێت کاریگەرییەکی جدیی هەبێت لەسەر تەندروستی دایک و کۆرپەکە.
- مەترسی ڕژد (جدیی) بۆ سەر کۆرپەکەت وەک زامداربوونی مێشک بەرزترە (8 لە 10000) بە منداڵبوون لەڕێگەی زێوە بە بەراوردکردن بە کەمتر لە 1 لە 10000 بۆ منداڵبوون بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراو.
- منداڵبوونی پلان بۆ دانراو لەڕێگەی زێوە دوای منداڵبوون بە نەشتەرگەری هاوپەیوەستە لەگەڵ کەمێک زیادبوونی مەترسی ئەوەی کە منداڵەکەت بە مردوویی ببێت دوای 39 هەفتە (بڕێکی زیاتری 10 لە 10000). ڕێژەی ئەوەی کە منداڵەکەت بە مردوویی ببێت هەر وەک ئەوە وەهایە کە تۆ بۆ یەکەمجار منداڵت ببێت.

## ئایا چ کاتێک منداڵبوون لەڕێگەی زێوە دوای منداڵبوون بە نەشتەرگەری بەباش دانانرێت؟

منداڵبوون لەڕێگەی زێوە بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ زۆربەی ژنان بژاردەیە، بەڵام بەباش دانانرێت کاتێک:

- تۆ لە ڕابوردوودا سێ منداڵبوون بە نەشتەرگەری یان زیاترت هەبووبێت
- منداڵدان لەکاتی منداڵبوونێکی پێشووتردا تەقیبێت
- تۆ نەشتەرگەری (تەقەڵ) ت هەبووبێت لەسەر منداڵدانت لە منداڵبوون بە نەشتەرگەری پێشووترەوە کە بەشی سەرەوەی منداڵدانیشی گرتبێتەوە.
- تۆ ئاڵۆزکاری دیکەی دووگیانیت هەبووبێت کە پێویستی بە منداڵبوون بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراو بووبێت.

## ئایا لایەنە باشەکانی منداڵبوون بە نەشتەرگەری بڕیار لەسەردراو چین؟

- مەترسی کەمتری هەڵوشانی جێگە بڕینی منداڵدان هەیە (1 لە 1000).
- لە مەترسییەکانی منداڵبوون دوورەپەرێزت دەگرێت و مەترسییە ڕژد (جدیی) ـە دەگمەنەکان بۆ کۆرپەکەت کەم دەبنەوە
- تۆ ڕێکەوتی منداڵبوونە پلان بۆ دانراوەکە دەزانیت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، 1 لە 10 ی ژنان بەر لە ڕێکەوتی منداڵبوون بە نەشتەرگەری بڕیار لەسەردراو دەکەونە سەر ژان.

## ئایا لایەنە خراپەکانی چین؟

شوێنی برین لە منداڵبوون بە نەشتەرگەری پێشووتر لەوانەیە نەشتەرگەرییەکە سەختتر بکات و بۆی هەیە ببێتە هۆی زیانگەیشتن بە ڕیخۆڵە و میزەڵانت. ئەوە لە کەمتر لە 1٪ ی منداڵبوون بە نەشتەرگەری دووبارەدا ڕوو دەدات.
بۆی هەیە تووشی هەوکردنی برینێک ببیت کە چاکبوونەوە لاواز دەکات.
لەوانەی پێویستیت بە خوێن بێت.
تۆ مەترسییەکی زیاتری دروستبوونی مەینی خوێنت هەیە لە قاچەکان و سییەکانتدا.
تۆ لەوانەیە ماوەیەکی چاکبوونەوەی دووروودرێژترت هەبێت و بۆ ماوەی شەش هەفتە دوای نەشتەرگەرییەکە ناتوانیت ئۆتومبێل لێبخوڕیت.

تۆ ئەگەری ئەوەت زیاترە کە لە دووگیانی داهاتوودا پێویستیت بە منداڵبوون بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراو ببێت. ئەوە ئەگەری ئەوەی هەیە کە وێلاش (هاوەڵمنداڵ) بەرەو ناو برینەکە بڕوات. ئەوە بۆی هەیە ببێتە هۆی خوێنبەربوون و لەوانەیە پێویستی بە دەرهێنانی منداڵدان ببێت.
پێستی کۆرپەکەت لەوانەیە لەکاتی منداڵبوون بە نەشتەرگەریدا بریندار ببێت. ئەوە لە 2 لە 100 کۆرپەدا ڕوو دەدات کە بە منداڵبوون بە نەشتەرگەری لەدایک دەبن. ئەو برینداربوونانە کاتێک کە ڕوو دەدەن بە شێوەیەکی ئاسایی بچووکن و بەگشتی بەشێوەیەکی سروشتی چاک دەبنەوە.
کێشەی هەناسەدان بۆ کۆرپەکەت زۆر باوە دوای منداڵبوون بە نەشتەرگەری بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی کورتخایەنن.
لەنێوان 4 و 5 لە 100 کۆرپە کە بە منداڵبوون بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراو لەدایک دەبن لە 39 هەفتەیی یان دوای ئەوە کێشەی هەناسەدانیان هەیە و لەوانەیە پێویستییان بە داخڵکردن بێت لە یەکەی تایبەتی سەرپەرشتی کۆرپە.

## ئەو پرسیارانەی کەگ هلێک جار دووبارە دەبەنوە

ئایا من دەتوانم لە ماڵەوە منداڵم ببێت دوای ئەوەی کە پێشتر بە نەشتەرگەری منداڵم بووە؟

بەهۆی ئەو مەترسییە کەم بەڵام ڕاستەقینانەی کە هاوپەیوەستن لەگەڵ منداڵبوون لەڕێگەی زێوە دوای منداڵبوون بە نەشتەرگەری، ڕاسپاردەکە وەهایە کە لە یەکەیەکی تایبەت بە منداڵبوون منداڵەکەت ببێت کە لەوێ دەموودەست دەتوانن دەستیان بە سەرپەرشتی کوتوپڕی ڕابگات.

ئەگەر حەز دەکەیت لە ماڵەوە منداڵەکەت ببێت ئێمە ڕێوشوێنت بۆ ساز دەکەین بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەو بژاردەیە لەگەڵ مامانێکی ڕاوێژکار و پاڵپشتی ئەو بڕیارە دەکەین کە تۆ دەیدەیت. بژاردەیەکی تر ئەوەیە کە لە ناوەندێکی منداڵبوون منداڵەکەت ببێت، کە لەوێ دەستڕاگەیشتن بە سەرپەرشتی کوتوپڕی بەردەستە لەگەڵ سوودمەندبوون لە کەشوهەوایەکی ڕێک وەک ماڵەوە.

## ئایا چی ڕوو دەدات ئەگەر من بکەومە سەر ژان ئەگەر من پلانم بۆ منداڵبوون لەڕێگەی زێوە دانابێت؟

تۆ ڕێنمایی دەکرێیت کە لە لە نەخۆشخانە منداڵەکەت ببێت، بەڵام ئەوە شتێکە کە دەتوانیت لەگەڵ مامان یان دکتۆرەکەت وتووێژی لەسەر بکەیت بەر لەوەی کە بکەویتە سەر ژانی منداڵبوون.

پەیوەندی بە نەخۆشخانەکەوە بکە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وردەکاریانەی خوارەوەوە بەزووترین کات کە تۆ پێت وەها بوو کە کەوتویتە سەر ژانی منداڵبوون یان ئەگەر سەراوەکەت هات. یەکسەر دوای ئەوەی کە ژانەکانت ڕێکوپێک و بەردەوام بوون، تۆ ڕێنمایی دەکرێیت کە بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری لێدانی دڵی کۆرپەکەت بکرێت لەکاتی منداڵبووندا. تۆ دەتوانیت چەندەها بژاردە دەستەبژێر بکەیت بۆ ئازارشکێن.

## ئایا چی ڕوو دەدات ئەگەر من منداڵبوون بە نەشتەرگەری پلان بۆ دانراوم هەبێت بەڵام بکەومە سەر ژانی منداڵبوون؟

تکایە پەیوەندی بە نەخۆشخانەوە بکە لەو شوێنەی کە بۆت دانراوە بۆ منداڵبوون بە نەشتەرگەری بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی - وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنی ئێمە لە خوارەوە هاتوون. ئەگەر زۆر زوو کەوتیتە سەر ژانی منداڵبوون، ئەوە لەوانەیە سەلامەتتر بێت بۆ خۆت و کۆرپەکەت کە لەڕێگەی زێوە منداڵەکەت ببێت، بەڵام هەروەها بژاردەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری کوتوپڕیش دەبێت ئەگەر پێویست بکات

## پیەوەندیمان پێوە بکە

- هێڵی جیاکردنەوەی لەپێشترێتی نەخۆشخانەی بارنێت: 020 8216 4408
- هێڵی جیاکردنەوەی لەپێشترێتی نەخۆشخانەی فریی: 020 7794 0500 درێژکراوە 36208

## زاڵیاری زتایر

- **AIMS** - کۆمەڵەی برەوپێدانی خزمەتگوزارییەکانی دایکایەتی
  www.aims.org.uk/journal/item/vbac-in-birth-centres

- کۆلێژی شاهانەی تایبەت بە منداڵبوون و نەخۆشی ژنانە
  بژاردەکانی منداڵبوون دوای ئەوەی کە پێشتر لەڕێگەی نەشتەرگەرییەوە منداڵت بووە:
  www.rcog.org.uk/en/patients/patient-leaflets/birth-after-previous-caesarean

- ماڵپەڕی ڕۆیەڵ فریی لەندەن
  بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە خزمەتگوزاری دایکایەتی لە ڕۆیەڵ فریی لەندەن سەردانی ئێرە بکە:
  www.royalfree.nhs.uk/maternity

سوپاس و پێزانین
لێرەوە وەرگیراوە بە دەستکارییەوە: کۆلێژی شاهانەی تایبەت بە منداڵبوون و نەخۆشی ژنانە. "بژاردەکانی منداڵبوون دوای منداڵبوونی پێشووتر بە نەشتەرگەری قەیسەری" بڵاڤۆکی زانیاری نەخۆش، لەندەن:**RCOG** ؛ مانگی حەوتی 2016
لەسەر ڕێپێدانی لێرەوە وەرگیراوە بە دەستکارییەوە:

کۆلێژی شاهانەی تایبەت بە منداڵبوون و نەخۆشی ژنانە.

## ڕاوبۆچووتی نۆ

ئەگەر هەر ڕاوبۆچوونێکت هەیە لەسەر ئەم بڵاڤۆکە یان بۆ بینینی لیستی سەرچاوەکانی، تکایە ئیمەیڵ بنێرە بۆ:
rf.communications@nhs.net

## شێوازی دەکیە

ئەم بڵاوکراوەیە بە چاپی گەورە و چەندین زمانی دیکەش بەردەستە. ئەگەر ئەم بڵاوکراوەیە بە شێوازێکی دیکە دەخوازیت، تکایە بە یەکێک لە کارمەندەکان بڵێ.

Royal Free London NHS Foundation Trust
Service: Maternity
Version: 2
Leaflet reference: RFL731KU
Approval date: May 2023
Review date: May 2025
www.royalfree.nhs.uk